## تێپەڕبوونی 20 ساڵ (1989-2009) بە سەر شۆڕشی ئەلمانیای ڕۆژهەڵات

# ئایا ڕوخانی دیواری بەرلین...کۆتایی مێژوو بوو؟

**ئازاد ئارمان**

**azadarman@hotmail.com**

بیست ساڵ لەمەوبەر ڕژێمە ستالینی یەکانی وەکو ئەلمانیای ڕۆژهەڵات، بولغاریا ،هەنگاریا، یوگوسلاڤیا، جیکسلۆڤاکیا، پۆلەندە ، ئەلبانیا، ڕوسیا یەک لە دوای یەک بە زنجیرە کەوتنە بەر نەفرەتی جەماوەری نارازیی پەنگخواردوو . لە چەندین شۆڕش و ڕاپەرینی جەماوەری دا تێکروخان و مێژووی نیو سەدە لە دیکتاتۆرییەتیان کۆتایی پێهات. لە بەرامبەر ئەم ڕووداوانەدا دەسەڵاتی دارانی ڕۆژئاوا و لایەنگرانی سیستەمی بازاری ئازاد. هەلێکی زێرین یان بۆ فەرامۆش ببوو و کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر تەواوەی ئامانجە مرۆڤایەتییەکان. کە بە ڕەنج و تێکۆشانی ملیۆنەها لە جەماوەری بەشمەینەتی ئەوروپا لە رابردوودا بە دەست هاتبوو. شکستی سەرمایەداری دەوڵەتی ئەم وڵاتانەی کردە ئامانجێک بۆ هێرشی و پروپاگەندی لە دژی سۆسیالیزمی ڕاستەقینە و شۆرشگێر. لەم لاشەوە زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستی یەکانی سەر بەم کەمپە لە تەواوی دونیا، خەم پەژارە دایگرتبوون و هاواریان لێ هەستابوو بۆ لە دەست چوونی سیستەمێک. کە لە بنچینەدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو لە گەڵ کەمپەکەی تر کە بە بازاری ئازاد ناوبانگی دەر کردبوو.

ئێمە بینیمان لە تەواوی ئەم وڵاتانەی ڕژێمەکانیان لە دەسەلات هێنرانە خوارەوە بە روسیاشەوە هیچ چەشنە بەرگری یەک لە لایەن کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵک رووی نەدا. بەڵکو بە پێچەوانەوە جەماوەری خەڵک دەوریان بوو لە تێکروخانیان و لە دەسەڵات لابردنیان. بەڵام بینیمان چۆن هێزە سەرکوتکەرەکانی چاوشیسکۆ کەوتنە کوشت و بری ئەم جەماوەرەی کە لێیان ڕاپەریبوون. بەڵام لە پێش ئەم ڕووداوانەش، شاهیدی چەندین خۆپیشاندان و مانگرتنی جەماوەرین لەم وڵاتانەدا: لەوانە ساڵی **1953** لە بەرلین، ساڵی **1956** لە هەنگاریا، **1958** لە چیکسلۆڤاکیا، بزووتنەوەی هاوپشتی لە پۆلۆنیا لە ساڵی **1980**دا. ئایا جێگای پرسیار نی یە؟ ئەگەر ئەم دەسەڵاتە لە خۆیانە (یانی دەسەڵاتی کرێکارانە). ئەی بۆچی کرێکاران و جەماوەری ڕەنجدەری ئەم وڵاتانە، هیچ چەشنە بەرگری یەکیان لە خۆ نیشان نەدا؟ باشە بۆ هەر لەم ئەوروپایە، سەدەیەک پێش تر کاتی کۆمۆنارەکان کەوتنە بەر هێرشی بۆرژوازی وڵاتەکەی خۆیان بە هەموو تواناییانەوە بەرگری یان لە حکومەتەکەی خۆیان کردو هەزارانیان قارەمانی یان بۆ مێژوو تۆمار کرد. گیانی خۆیان بەخشی لە پێناوی کۆمۆنەی پاریس. ئەی بۆ لەم ولاتانەدا بە هیچ شێوەیەک ئەم کرەوەیەمان نەبینی؟ ئەگەر چی هۆکارەکەی ئێستاش بۆ زۆربەی زۆری پارتە کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانی ئەم کەمپە. ڕۆشن نی یە. یاخود بەهەر بیانۆیەکەوە بیت پەردە پۆشی دەکەن. لای ((سۆسیالیستە شۆڕشگێرەکان)) ئەوانەی باوەڕیان وایە سۆسیالیزم لە خوارەوەوە دادەمەزرێت، نەک لەسەرەوە بسەپێنرێت. تێگەیشتن لەم مەسەلەیە زۆرکارێکی قورس و گران نییە. مەسەلەکە لە بنەرەتدا ئەوەیە نەک هەر ئەوەی ڕووخا هیچ پەیوەندیکی بە کرێکاران و دەسەڵاتی کرێکارانەوە نەبوو. بەڵکو ئەو کاتەی ئەم ڕژێمانەش هاتنە سەر کار ،کرێکاران هیچ دەورو نەخشێکی یان نەبوو ، بەڵکو بە هێز و سوپا و تانکەکانی ڕوسیا دەسەڵاتیان گرتە دەست. لە گەڵ ئەوشدا کرێکاران بێ بەش کرابوون لە مافی



**pdfMachine**
**Is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, if you can print from a windows application you can use pdfMachine.
Get yours now!

مانگرتن، ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراوەو ئەحزابی سیاسی ، بوونی سیستەمی تاک حیزبی و نەبوونی ئازادی بۆ کەمە نەتەوەییەکان و ...هتد. ئەمەش پێچەوانەی تەواوی پرەنسیپە- مارکسیستی یەکانە کە کارل مارکس دەڵێت " ڕزگاری چینی کرێکار بەندە ، بە خەباتی چینی کرێکار خۆیەوە". بەڵام چینی کرێکاران لەم وڵاتانەدا نەک هەر دەسەڵاتیان نەبوو بە سەر بەرهەم هێنان و دابەش کردندا . بەڵکو ڕێک وەکو هاوجینەکانیان لە ولاتانی ناسراو بە بازاری ئازاد و نیولیبرالیزم چینی چەوساوەی کۆمەڵ بوون.

ئەمرۆ لە کاتێکدا **20** ساڵ (**1989-2009**) تێپەردەبێت بە سەر ڕوخانی دیواری بەرلین و تەواوی شۆرشەکانی ئەوروپای ڕۆژهەلآت و ڕوسیا. لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا نیولیبرالیزمی بازاری ئازاد پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە سۆسیالیزم و بیرو باوەری شۆڕشگێرانەی مارکس بۆ هەتاهەتایە کۆتایی پێهاتووە و بازاری ئازاد و نیولیبرالیزم بوو بە سیستەمێکی هەتاهەتایە. وەکو تیۆریستەکانیان لە چەشنی فرانسیس فۆکۆیاما لە ساڵی نەوەتەکاندا ناوی لێنا "کۆتایی مێژوو" . بەڵام دوای کەمتر لە دوو دەیە مێژوو پێچەوانەی ئەوەی نیشان دا، ئاشتی و ئاسودەی مان نەبینی. بەڵکو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کەوتە بەر هێرشی بەربەریانەی نیولیبرالیزم و بازاری ئازاد و لە چەند کیشوەری جیهان شەرو کوشتاریان بەرێخست و قوربانی یەکانی ئەم نەزمی نوێ یە، ملیۆنەهایە. لە ڕەوەندەو یۆگسلافیای پێشوو وە بگرە تا دەگاتە ئەفگانستان و عێراق و فەلەستین و لوبنان و ...هتد. ئەمانە دوای ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەلات دیاری نەزمی نوێی جیهان بوون بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

ئەزموونی بیست ساڵ لە دەسەلآتی نیولیبرلیزم و بازاری ئازاد لەم وڵاتانەی ڕژێمە ستالینی یەکانیان هێنایە خوارەوە. بە بەڵگە نیشانی داوە ئاستی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و ڕەنجدەرانی بیرو بازو زۆر لە خوار ترە بەراورد بە ڕژێمی رووخاو ، ڕێژەی بێکاری و هەژاری زۆر لە دەورانی پێشوتر لە سەرترە. ئەمەش نیشانی دەدات کە نیولیبرالیزم و سیستەمی سەرمایەداری بازاری ئازاد نەک هەر ناتوانی ئەلتەرناتیف بێت. بەڵکو ئێستا خودی خواى سەرزەوی (سوپەر پاوە) گیرۆدەی گەورەترین قەیرانە.





pdfMachine
Is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, if you can print from a windows application you can use pdfMachine.
Get yours now!

**pdfMachine**
**Is a pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, if you can print from a windows application you can use pdfMachine.
Get yours now!